هەڤاڵ ئەبو بەکر: هەشتا ئەگەرەکانی چەند بارەبونەوەی ئەنفال و جینۆساید و زمانساید و پەروەردەساید نزیکن

د. هەڤاڵ ئەبوبەکر پارزگاری سلێمانی لەپەیامێکدا لەبارەی ساڵیادی ئەنفالەوە رایدەگەیەنێت، هەشتا ئەگەرەکانی چەند بارەبونەوەی ئەنفال و جینۆساید و زمانساید و پەروەردەساید نزیکن و دەشێت، "دەبێت ئەنفال وەکو خێی بخوێنینەوە، بە ئەوەی بتوانین خۆمان وەك خۆمان بنوسینەوە، ئازایانە هەڵەکانمان دیاریبکەین".

د. هەڤاڵ ئەبوبەکر لەپەیامێکدا بڵاویکردەوە، دوای 37 ساڵ؛ هەشتا ئەگەرەکانی چەند بارەبونەوەی ئەنفال، جینۆساید، بایۆساید، ئیکۆساید، بونساید، زمانساید، پەروەردەساید، کلتورساید، مژوساید، ژینگەساید، ئۆستاساید و ئایندەساید وەك ئەو ڕۆژانە نزیکن".
راشیگەیاندوە، "دەبێت ئەنفال وەکو خێی بخوێنینەوە، بە ئەوەی بتوانین خۆمان وەك خۆمان بنوسینەوە، ئازایانە هەڵەکانمان دیاریبکەین و دانبەهەڵەکانی خۆشماندابنێین، گیانی لێبوردەیی و قبوڵکردنی یەکتر بەهێزبکەین، بۆئەوەی هەمو ئەگەرەکانی چەندبارەبونەوەی ئەنفال؛ لە بەینبەرین، شانازانە بەزیندویی بمێنینەوە".
د. هەڤاڵ ئەبوبەکر دەشێت، "دەبێت ئەنفال لە هاتوهاوار و ترس و تۆکشکان و سەمینەوە و

خۆڵدەرکردن لە بەرپرسیارێتییەوە، بە خۆبەبەرپرسزانین و ئیرادەو یەکبون و هەستانەوە، سوربون، شەرگیربون، بوێریی، بەرەنگاربونەوە، مانەوە و بەردەوامبون و گەشەکردن بگەین".